# (سەعدی) شاعیر

# فارسێکی شیرازیی، یان کوردێکی هەورامی؟



**د. عمر عبد العزيز**

**٢٠١٦ ز**

## تەوەرەکانی ئەم بابەتە

یەکەم/ سەعدی شاعیرو مرۆڤدۆست

دووەم/ سەعدی کوردێکی (هەورامی)، یان فارسێکی (شیرازی)؟

سێیەم/ دەربارەی کۆمەڵە شیعری ناسراو بە (مثلثات)ی سەعدی

چوارەم: دەربارەی دیالێکتی (شیرازی کۆن) و (دیالێکتی هەورامی)

پێنجەم: دەقی چامەی تێهەڵکێشی (مثلثات)ی سەعدی

**یەکەم/ سەعدی شاعیرو مرۆڤدۆست:**

(سەعدی) نازناوە بۆ شاعیرێکی گەورەی ناوداری سەدەی حەوتی کۆچیی/ سێزدەی زایینیی، کە لەسەر ناوەکەی‌و ناوی باوکی‌و ساڵی لەدایکبوونی، چەند قسەیی هەیە، هەندێك دەڵێن: ناوی (شرف الدین)ە، هەندێك دەڵێن: (مشرف الدین)، کوڕی (مصلح الدین)، کوڕی عبد الله، کوڕی مشرّف. هەندێك دەڵێن: خۆی ناوی (مصلح)، کوڕی (عبد الله)یە. کونیەی سەعدی (أبو محمد)ەو بە (شیرازی) ناسراوە.

لە لوغەتنامەی (دهخدا)دا ناوەکەی بەم جۆرە هاتووە: "مشرف الدین، مصلح، بن عبد الله.".

ساڵی لەدایکبوونی سەعدی تا ئێستە ڕاست نەبووەتەوە، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوە لە هەندێك لە شیعرەکانی، پێدەچێت لە دەروبەری ساڵانی (٥٨٥ـ ٦١٠ك) واتە: (١١٨٩–١٢١٣ز) لەدایك بووبێت. بۆ وەفاتیشی قسە لە ساڵانی: (٦٩٠، ٦٩١، ٦٩٤، ٦٩٥)ی کۆچیی، (١٢٩١، ١٢٩٢، ١٢٩٥، ١٢٩٦ز)، قسە کراوە.

سەعدی لە بنەماڵەو هۆزێکی ئایندارو زانستدۆست لە دایك بووە، چونکە خۆی لە بەیتێکدا دەڵێت: "همەی قبیلەی من عالمان دین بودند."[١] واتە: تەواوی هۆزەکەی من زانایانی ئاین بوون.

---

[١] دیوان سعدی، غزلیات، غزل ٣٢.

جێی سەرنجە سەرەڕای ئەو ناوبانگە کەموێنەیەی سەعدی لە ئێرانو جیهان بوویەتیو هەیەتی، تا ئێستە ناوو ناوی باوکیو ساڵی وەفاتی، بە ڕوونی دیار نیەو ڕاو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. سەیر ئەوەیە کە زۆربەی توێژەرانی سەعدی ناس، هۆکاری سەرەکیی ئەم جیاوازیی ڕاو بۆچوونە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە "شۆرەتو ناوبانگی زۆری سەعدی، بۆتە هۆی سەرەکیی ئەوەی کە ناوە ئەسڵییەکەیو زێدو ساڵی وەفاتی ون ببێت.!" ئەو ڕستەیەی نێو دوو کەوانەکە، دەقاودەق قسەی (سەنتەری سەعدی ناسی)یە، لە ئێران،[1] کە قسەیەکی زۆر نازانستییە، بە پێچەوانەوە بەندە پێم وایە ئەو نهێنییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی ئەم وتارەی بەندەی لەسەر نووسراوە، واتە: پەیوەندیی بە ئەگەری کوردبوونی (سەعدی)یەوە هەیە.!

نازناوی (سەعدی) لەوێوە هاتووە کە (سەعد)، کوڕی ئەبوبەکر، کوڕی سەعد، کوڕی زەنکی ئەتابەکی ـ والی شاری شیراز ـ ناوبانگی زیرەکییو وریایی (مشرف الدین)ی لە تەمەنی لاوێتیدا بیست، بۆیە بە مەبەستی خوێندنو چاوکرانەوە، ناردی بۆ شاری بەغدا، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا بارودۆخی ئێران لەبەر پەلاماری مەغۆلەکان ئاڵۆز بوو، بۆیە سەعدی لە زانکۆکانی (نظامية) و (مستنصرية) و (عضدية)ی بەغدا، بەهرەی زانستیی زۆری وەرگرت.[2] زانایان (أبو الفرج ابن الجوزی، کوڕەزای کوڕەزای (ابن الجوزی ناودار)و (شهاب الدین) سوهرەوەردی – غەیری

---

١ بڕوانە: وتاری ژیاننامەی سەعدی، د. ذبيح الله صفا، لە: پێگەی (سەنتەری سەعدی ناسی) ئێران.

٢ بڕوانە: (الأثر العربي في أدب سعدي الشيرازي، دراسة أدبية نقدية، د. أمل إبراهيم محمد، الدار الثقافية للنشر، القاهرة ، ط ٢، عام ٢٠٠٠، ص: ٨٢).

سوهرەوەردی ناسراو بە (شیخ الإشراق)ە- دووان لە مامۆستا ناسراوو ناودارەکانی سەعدین، کە خۆی لە بەسەرهەتەکانی ژیانیدا باسیان دەکاتو ناویان دەبات.

ئەو ڕێزلێنانە تایبەتەی سەعدی ئەتابەك، وای کرد کە (مشرف الدین)ی شاعیری بلیمەت، نازناوی (سەعدی) بەسەردا بسەپیٚ، چ لە خۆشەویستیی خۆیەوە بۆ ئەو میرە دڵسۆزە، چ لە ڕێزلێنانی کەسانی هاوچەرخیانەوە. کەواتە نازناوی (سەعدی) بۆ ئەو شاعیرە لە بنەڕەتدا نیسبەتدانە بۆ ئەو سەرکردە ئەتابەکییە (سەعد، کوڕی ئەبوبەکر، کوڕی سەعد). هەر لەبەر ئەوەیشە سەعدی شاعیر شاکاری (بۆستان)ەکەی - کە ساڵی (٦٦٥ ك/ ١٢٦٧ز) لە نوسینی بۆتەوە - کردۆتە دیاری بۆ ئەو میرەو تەنانەت بۆ ساڵانێك بەو کتێبە دەگوترا: (سەعدی نامە). سەعدی لەو بەرهەمەیدا زۆر بەباشی ناوی ئەو میرە ئەتابەکییەو بنەماڵەکەیان دەباو ڕێزیان بۆ دەردەبڕیٚو تەنانەت لە کاتی مردنیدا سەعدی وەك وەفاو ئەمەکناسییەك، شیننامەیەکی بەسۆزی بۆ دەنووسێت.

سەعدی بە حوکمی تێپەڕاندنی تەمەنێك لە ژیانی لە شاری (شیراز)دا بە (سەعدی شیرازی)ش ناوبانگی دەرکردووە. بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی سەعدی تەمەنێکی زۆری بەسەر بردووە، هەلی بۆ هەڵکەوتووە کە وڵاتانێکی زۆر بگەڕیٚ، بۆیە نزیکەی ٣٥ ساڵی تەمەنی لە گەڕان بە وڵاتاندا بەسەر بردووە. لەوانە: جگە لە عیراقو شاری بەغدا، چۆتە تورکیاو خۆی

باس لەوە دەكات كە سەردانی شاری ئامەد (دیار بەكر)ی لە باكوری كوردستان كردووە.[1] هەروەها چۆتە شامو لە دیمەشقدا ماوەتەوە، جگە لەوە سەردانی وڵاتی میصرو شارە پیرۆزەكانی مەككەو مەدینەی كردووە، هەروەها لە خۆرئاواوە وڵاتانی سەرووی ئەفریقیاشی بەسەركردووەتەوە، لەوانە: ماوەیەك لە شاری مەراكیشی مەغریب ماوەتەوە، لە باكوریشەوە چۆتە توركیاو لە باشوری دورگەی عەرەبیش تا وڵاتی حەبەشە چووە. لە خۆرهەڵاتیشەوە تا هیندستان گەڕاوە.[2]

زۆر ڕوونە كە بەشێك لە هۆكارەكانی دەوڵەمەندبوونی هزرو بیرو ئەزمونی سەعدی، ئەو ڕووداوانەن كە لە ژیانی ئەودا ڕوویان داوە. سەعدی زۆربەی قۆناغەكانی هێرشی دڕندانەی مەغۆلەكانی بۆ جیهانی ئیسلام بینی، كە لە باكورو خۆرهەڵاتی ئێرانەوە دەستی پێ كرد. شكستو تیاچوونی قەڵەمڕەوی (خوارەزمشا)ی بینی، كاولبوونی شارەكانی ئەصفەهانو سیستانو تیاچوونی دەیان شارو گوندی ناوچەكانی مازیندەرانو ئازربایجانو خوراسانی بینی. كوشتاری ملیۆنیی لە خەڵكی ئێرانو عیراقو شامی بینی. وێرانكردنی شاری بەغدای پایتەختی

---

١ ئەم باسە لە داستانی یەكەمی بەشی شەشەمی (گولستان)ەكەیدا دەكات.

٢ بڕوانە: وتاری (سەعدی)، لە پێگەی ئەلیكترۆنی (گنجور = ganjoor.net).

ئیسلامیی‌و تیاچوونی (مستعصم)ی خەلیفەی عەباسی بینی.[1] هەروەك نەبەردیی (عەین جالوت)و شکانی کەموێنەی مەغۆلەکانی لەو جەنگە مێژووییەدا بینی. جگە لەوە کاتێك ساڵی (٦٤٣ك/١٢٤٦ز)، لەبەر گرانیی‌و قات‌و قڕیی، وڵاتی شامی بەجێ هێشت‌و بەرەو شاری پیرۆزی قودس کەوتە ڕێ، لە ڕێگەدا فەرەنگەکان گرتیان‌و ماوەیەك بە دیلیی مایەوە، تا سەرکردەیەکی حەڵەب ڕزگاری کرد.[2]

ئەمانە هەموو کاریگەریی زۆریان کردە سەر سەعدی مرۆڤ، هەروەك لە دیوانە شیعرییەکانی سەعدی شاعیرو شاکارە پەخشانەکانی سەعدی ئەدیبدا، ڕەنگیان دایەوە. جگە لە صەدان تاڵیی‌و شیرینیی تری گەشتی ئاوارەیی‌و دارایی‌و نەدارایی‌و تێریی‌و برسیەتیی‌و خۆشیی‌و ناخۆشییەکان، کە سەعدییان کردە ئەو پیاوەی چەندین نازناوی وەك: (ملك الكلام)، (سلطان الكلام)، (أستاذ الأدب)، (أفصح المتكلمين)، (أب النثر الفارسي)، (كوكب الغزل الفارسي)، (مفخر السالكين)، (شرف الملة والدين) و (مصلح

---

١ یەکێك لە شاکارە عەرەبییەکانی (سەعدی) چامە شیعرێکی (٩٤) بەیتی عەرەبییە، کە دوای ڕوخانی بەغداو خیلافەتی عەباسی گوتونی‌و بە یەکێك لە چامە مەزن‌و نایابەکان دەژمێررێت لەسەرەتاکەیدا دەڵێت:

حبست بجفنيّ المدامعَ لا تجري فلما طغي الماءُ استطال علي السّكر
نسيمُ صبا بغداد بعد خرابها تمنيتُ لو كانت تمرّ علي قبري

٢ وتاری: ژياننامەی سەعدی، أبو محمد البلوچی، پێگەی ئەلیکترۆنیی (ئیسلام ئۆن لاین).

الإسلام والمسلمين)ی پێ بدرێ.[1] سەعدی بۆ خۆی ئەم وێنەیەی ژیانیمان لە تابلۆیەکی جواندا بۆ دەکێشێو دەڵێت:

در أقصای گیتی بگشتم بسی      بسر بردم أیام با هر کسی

تمتّع به هر گوشەای یافتم      ز هر خرمنی خوشەای یافتم[2]

واتە: چوار قوڕنەی جیهان زۆر گەڕام، ڕۆژانێکم لەگەڵ چەندین کەس بەسەر برد. چێژم لەهەر گۆشەیەك برد، لە هەر خەرمانێك چەردەیەكو نمونەیەکم پەیدا کرد.

وا دیارە سەعدی – وەك لە شیعرێکیدا دەردەکەوێ – بە منداڵیی باوکی لە دەستداوە. چونکە بۆ خۆی لە شیعرێکیدا دەڵێ:

مرا باشد أز درد طفلان خبر      کە در خردی أز سر برفتم پدر

واتە: من لە دەردی منداڵان خەبەرم ببێ باشە، چونکە خۆم لە منداڵیدا باوکم لەدەست دا. دیارە هەر ئەو باوکمردنو بێ نازییەی نەبوونی باوکیەتی، وا ناسکی کردۆتەوە کە لە ئازارەکانی هەتیوو بێ باوکان تێ بگاتو بڵێت:

---

١ (ابن الفوطي) کە هاوچەرخی سەعدی بووەو ئاڵو گۆڕی نامەنووسینیان پێکەوە هەبووە، لە کتێبێکیدا بەناوی (تلخيص مجمع الآداب في معجم الألقاب)، باسێکی زۆر لە سەعدی دەکاتو زۆربەی ئەو نموونە نازناوانەی سەرەوەی بۆ بەکار دەبات. ئەم کتێبە ساڵی (١٩٩٤ز) لە شەش بەرگدا لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ئێرانەوە، لەچاپ دراوە.

٢ دیوانی (بۆستان)ی سەعدی. پێشەکی دیوان، لە ژێر ناونیشانی: هۆی هۆنینەوەی شیعرەکانی ئەم کتێبە.

چو بینی یتیمی سرافگنده پیش
مده بوسه بر روی فرزند خویش
یتیم ار بگرید که نازش خرد
وگر خشم گیرد که بارش برد؟ [1]

**واتە: ئەگەر هەتیوێکت بینی لە بەردەمتا، ماچی ڕووی منداڵی خۆت مەکە.! هەتیو ئەگەر بگری، کێ نازی دەکێشێت؟ ئەگەر ناڕەحەتیش ببێ، کێ باری هەڵدەگرێت؟**

**سەعدی وەك لە شیعردا پێشەنگو مامۆستای زۆرێك لە شاعیران بووە، لە نووسینی پەخشانیشدا زۆر هەستناسكو قەڵەمڕەوانو بیرتیژ بووە، بۆیە لە تێهەڵكێشی دیوانی (گلستان)ەكەیدا، دەیان كۆپلە پەخشانو كورتە چیرۆكو داستانی سەرنجڕاكێشی هەن، كە پڕن لە پەندو وانەو ئەزموونو توانیویەتی لە یەك چەپكدا هزرو بیرو سۆزو عاتیفەو عیرفانو خواناسییو ڕاستیویستییو مرۆڤدۆستیی، پێكەوە بهۆنێتەوە. دەكرێت وەك نمونە سەیری پێشەكی (گلستان)كەی بكرێت، كە كۆمایەكە لە یەكتاناسییو ناسككاربیو بڕوای بەتینو وێناكردنی نەخشین، لەدێڕە یەكەمەكانیدا دەڵێت:**

"منت خدای را عزّ وجلّ كه طاعتش موجب قربت است، وبه شكراندرش مزید نعمت. هرنفسی كه فرو می رود ممدّ حیات است، وچون بر می آید مفرح ذات. پس در هر نفسی دو نعمت موجود است

**[1] بەشی دووەمی دیوانی بۆستانی سەعدی، بابەتی ( دەربارەی ئیحسان).**

و بر هر نعمت شکری واجب"[1]، واتە: منەتی خواوەندێك، کە گوێڕایەڵیکردنی، مایەی لێنێزیکبونەوەیەتی، سوپاسگوزاریشی، هۆکاری زیادبوونی نیعمەتە. هەر هەناسەیەك کە هەڵدەکێشرێ، درێژەپێدەری ژیانە، هەر هەناسەیەکیش دێتە دەرەوە، ئاسوودەبەخشی گیانە. کەواتە لە هەر هەناسەدانێکدا دوو نیعمەت هەن، بۆ هەر نیعمەتێکیش سوپاسێك واجیبە.! هتد.

**سەعدی شای شاعیرانی فارس:**

دیارە ئەمە قەدەری نەتەوەی کوردە، کە شای شاعیرانی هاوچەرخی عەرەب، شاعیرێکی کورد بێت کە (ئەحمەد شەوقی)یە،[2] ئەو شاعیرە گەورەیەی مەحفەلە ئەدەبییەکانی خۆیان نازناوی (أمیر شعراء العرب)یان پێ داوە، واتە: میری شاعیرانی عەرەب. لەملایشەوە، لە خۆرهەڵات، شای شاعیرانی نەتەوەی (فارس)یش هەر کورد بێت، کە ناوەندە ئەدەبییەکانی ئەمانیش نازناوی (ملك الکلام)یان داوە بە (سەعدی)، واتە: شای قسەو ئاخاوتن. یان نازناوی (أب النثر الفارسی)، واتە: باوکی پەخشانی فارسی، یان (أفصح المتکلمین)، واتە ڕەوانبیژترینی بێژەران. یان (کوکب الغزل

---

[1] پێشەکی هەموو دیوانەکانی (گلستان)ی سەعدی.

[2] دەربارەی کوردبوونی ئەحمەد شەوقی گومانی تێدا نیە، باوکی لە ئەسڵدا خەڵکی شاری سلێمانی بووە. بڕوانە: سایتی (رابطة أدباء کوردستان) . kurdsyria.wordpress.com.

الفارسی)، واتە ئەستێرەی غەزەلی فارسی. ئەو شاعیرەی کە پاش (٨٠٠) ساڵ ئەگەری کوردبوونەکەی دەبێ دەرکەوێتەوە بۆ میللەتەکەی. !

**هەستی مرۆڤدۆستانەی سەعدی:**

سەعدی زۆر گەڕا، خۆشییو ناخۆشییو تاڵو شیرینی زۆری بینی. ڕەنگە شاکارەکانی (گولستان)و (بۆستان) شارۆی خەرمانی ئەو گەڕانە دورو درێژەی بێت کە سیو پێنج ساڵی خایاند، کە وەك گوتمان لە هیندستان تا عیراقو شامو حیجازو میصرو حەبەشەو باکوری ئەفریقیای گرتەوە. جۆرەها نەتەوەو تیرەو هۆزیشی بینی، کە ڕەنگە ئەوە وای کردبێت هەستە ئینسانییەکەی ئەم شیعرەی لێ لەدایك ببێت کە بە شاکاری شیعری مرۆڤدۆستانەو سیمبولی شیعری کلاسیکی فارسی دادەنرێت، لە ڕووی قووڵیی واتاو ناوەرۆكو بەرزی ئاسۆی هزرو بیرو مەبەستییەوە. دەڵێت:

بنی آدم أعضای یکدیگرند　　　که در آفرینش ز یك گوهرند

چو عضوی به درد آورد روزگار　　　دگر عضوهارا نماند قرار

تو که ز محنت دیگران بی غمی　　　نشاید که نامت نهند آدمی[١]

واتە: نەوەکانی ئادەم ئەندامانی یەکترن، (واتە یەك جەستەن)، چونکە لە ئەسڵی پەیدابووندا لە یەك گەوهەرن. هەرکات ڕۆژگار ئەندامێك دێنێتە

١ دیوانی (گلستان)ی سەعدی، بەشی یەکەم، داستانی پادشایان، ژمارە (١٠).

ژان، ئەندامەکانی تر وەقرەیان لێ دەبڕێت. تۆ کە لە ناڕەحەتیی کەسانی تر بێ خەمیی، نەشیاوە کە ناوت بنێن ئادەمیی.

شایانی باسە ئەم پارچە شیعرە مەزنەی سەعدی لە ڕوکاری بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری (نیۆیۆرک)ی ئەمریکا هەلۆاسراوە، کە لە فەرشێکی گرانبەهادا بەشێوەی چنین نووسراوەتەوە، فەرشەکە ساڵی (٢٠٠٥ز) لە لایەن نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرایە دیاری، بۆیە (بانکی مۆن)ی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی (٢٠١٢ز) کە سەردانی تارانی کرد، ئاماژەی بەم شیعرە زیندووەی سەعدی کردو بە شیعرێکی بێوێنەی لە قەڵەم دا. هەروەها سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی پەروەردەو زانستو ڕوناکبیریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ناسراو بە(یۆنسکۆ)ش لە کۆبونەوەی ڕێکخراوەکەدا هەمان ئەم شیعرانەی خوێندنەوە.[١]

**سەعدی لە دیدی ناودارانی بیانیدا:**

ڕەنگە هیچ شاعیرێك بە ئەندازەی سەعدی سەرنجی ئەدیبو نووسەرو توێژەرانی خۆرئاوایی بگرە خۆرهەڵاتییو ڕوسەکانیشی ڕانەکێشابێت، بە

---

١ ئاژانسەکانی هەواڵی جیهان لەو کاتەدا ئەم هەواڵەیان بەبایەخەوە بڵاو کردەوە.

جۆرێك كە ئەوروپیی – بەتایبەتی فەرەنسی – یەكان نازناوی: (بیرمەندی دانا)و (شاعیری مرۆڤایەتی)یان داوەتیێ.[1]

شاعیری ڕوسیی ناسراو (ئەلكسەندەر پوشین) لە ڕۆمانە شیعرییەكەیدا بەناوی (یوجینو ئەنجین) باس لە سەعدی دەكا. (گوڵستان)ەكەشی لە ساڵی (١٦٣٤ز) لە لایەن (ئەندریە دوریە)وە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فەرەنسی. هەروەها ساڵی (١٦٥٤ز) (بۆستان)و (گوڵستان) هەردووكیان لەلایەن (رالف والدۆ ئیمیرسین)ەوە وەرگێڕرانە سەر زمانی ئەڵمانی. ئەم كەسایەتییە ئەڵمانییە زۆر شەیدای سەعدی بووە، پێشەكی زۆری لەسەر وەرگێڕراوەكانی سەعدی نوسیوە، بۆیە دەڵێ: "سەعدی لە ڕووی حیكمەتو جوانیی دارشتنەوە، هاوتای (بایبل)ە لە كتێبی پیرۆز". جگە لەو، لە ئەڵمانییەكان (گۆتە)ی فەیلەسوفیش (١٧٤٩–١٨٣٢ز) زۆر ڕێزی ناوە لە سەعدیو كتێبی (گولستان)ەكەی بەرز نرخاندووە. هەروەها بیرمەندی بەناوبانگی فەرەنسی (فرانسوا ماری)، ناسراو بە(ڤۆلتێر)، باسی گەورەیی سەعدی كردووە. خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزیش (ئەدوارد براون) (١٨٦٢–١٩٢٩ز) سەری لە گشتگیرییو فراوانیی بیرو ئەندێشەی سەعدی سوڕماوەو دەڵێت: "شۆرەتو ناوبانگی سەعدی لەوەوەیە كە گشتگیرو

---

١ بڕوانە: سعدی، الشاعر الإنسان، د.أحمد موسى، مجلة كلية الآداب والعلوم الإنسانية، جامعة شعيب الدكالي في المغرب، العدد ١٢ و ١٣، عام ٢٠١٠.

فراوانه، به جۆرێك كه نزيكو دوور، گەورەو بچوك، خوێندەوارو نەخوێندەوار، لێی سوودمەند دەبن."[1]

سەعدی وەك لە سەرەتاوە گوتمان لە نێوان ساڵانی (٦٩٠) بۆ (٦٩٥ك)، (١٢٩١– ١٢٩٦ز) لەدونیا دەرچووەو گۆڕەكەی لە شاری شیرازەو بۆ جاری یەكەم میری كورد (كەریم خانی زەند) گڵكۆكەی نۆژەن كردەوە.[2]

---

١ پێگەی ئەلیكترۆنیی ئیسلام ئۆن لاین.

٢ بۆ ئەم زانیارییانە بڕوانە: (سعدی الشیرازی، د.محمد موسی هنداوی، ومشاهیر الشعراء والأدباء، د.إبراهیم محمد).

**دووەم/ سەعدی کوردێکی (هەورامی)، یان فارسێکی (شیرازی)؟**

لە کاتی بەدواداچوونمدا بۆ باسی ژیاننامەو شاکارە شیعرییەکانی سەعدی، ڕێم لەو قسەیە کەوت کە گوایە سەعدی لە بنەڕەتدا کوردەو خەڵکی خۆرهەڵاتی هەورامانەو میری ئەتابەکی زەنکی لەگەڵ بنەماڵەکەی بردوویەتی بۆ شیراز. بۆیە بەدواداچونێکی وردم بۆ ئەم بابەتە کردو بەم دەرەنجامە گەیشتم:

ئەوەندەی من ئاگادار بم بۆ یەکەمجار بابەتی کوردبوونی (سەعدی) لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا لە باشووری کوردستان وروژێنراوە. بەپێی پشکنین‌و زانیاریی بەندە، لە دوو وتاری گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستدا لە بەغدا دەردەچوو، باسی کوردبوونی (سەعدی) کراوە، کە لە ژمارەیەکیاندا هاتووە: "ئەستێرەی وێژەو خواناسیی‌و فەلسەفە، سەعدی شیرازی، ئەم بلیمەتە هەڵکەوتووە – کە هەموو فارس پێوەی ئەنازێ‌و شانازیی پێوە ئەکاو نووسراوە بەرزەکانی بە هەموو زمانێکی زیندوو لە دانشگاکانی جیهانا ئەخوێنرێ‌و پەیکەری تیا هەڵواسراوە – کوردە. ئەتوانم بڵێم کە هەر کورد نایناسێ‌و بە بێگانەی ئەزانێت.."[1]

---

١ گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ساڵی یەکەم، ژمارە (٢)، مایسی ١٩٦٠، وتاری: ئاوڕێك بە لای مێژووی کەمێك دوورەوە. نوسینی: محمد مستەفا کوردی. لا: ١٠–١١.

بۆ جارێکی تر مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵیش لە ساڵانی حەفتاکاندا بابەتی کوردبوونی سەعدی شیرازی بڵاو کردەوە، بەبێ ئاماژە بە سەرچاوەیەکی نوسراو، دەڵێت: "شێخی سەعدی کوردێکی جوانڕۆیی یە"، بەڵام بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی دەڵێت: "مەلا (محی الدین) کوڕی (مەلا جەلالی نۆتشەیی) لە ساڵی (١٩٢٨ز)دا پێی وتم: لە تاران، لە نامەخانەی گشتیی، چاوم بە کتێبێك کەوت، هەمووی بە شێوەی هەورامی بوو، دەستخەتی شێخی سەعدیو دانراوی خۆی بوو، لە کۆتاییدا نوسرابوو: شێخی سەعدی ناوی (مصلح الدین) کوڕی شێخ (عبد الله)، کوڕەزای شێخ حامیدە.[1] شێخ حامد خەڵکی (شامیان)ی هەورامانە، بە هۆی ناکۆکیی هەورامانەوە چووەتە جوانڕۆ، سەعدی لە جوانڕۆ لە ساڵی (٥٦٩)ی کۆچیدا لەدایك بووە،[2] لە دواییدا (ئەتابەك) کوڕی (سەعد)ی (بەنی زەنکی)، بردوونی بۆ شیراز."[3] پاشان دەڵێت: "سەعدی لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا نامەی نووسیوە بۆ چەند هاوڕێیەکی لە (جوانڕۆ)، سکاڵا ئەکات لە دوورکەوتنەوەی خۆی. لەو نامەیەدا (بە شیعر) دەڵێ:

---

١ لە سەرەتاوە وتمان: لەسەر ناوی سەعدی چەند قسەیی هەیە: هەندێك دەڵێن: ناوی (شرف الدین)ە، هەندێك دەڵێن: (مشرف الدین)، کوڕی (مصلح الدین).

٢ لە سەرەتاوە ساڵی ٦٠٦ك/١٢١١ز)مان دیاری کرد.

٣ ناڵەی دەروون، شێخ محەممەدی خاڵ، چاپی دووەم، ٢٠١١، لا: ٤٢٣. دیارە ناوبردنەکەی مامۆستا خاڵ لەو کەسانە هەڵەیە، چونکە ناوی تەواوی ئەو میرانە بریتییە لە (سەعد، کوڕی ئەبوبەکر، کوڕی سەعد)،

دور گشتم از قبيله، عمر من برباد شد

حرف أبجدرا شماريد (دويست و هفتاد)شد

واتە: لە هۆز دوور کەوتمەوە، (مەبەستی هۆزەکەی خۆیەتی لە کوردستان)، تەمەنی من تیا چوو، بەرباد بوو، ئەگەر پیتە ئەبجەدییەکان بژمێریت، دەکاتە (دووسەدو حەفتا)، ئەو ژمارەیە بە حیسابی ئەبجەدیی دەکاتە (جوانرود)، چونکە پیتەکانی وشەی (جوانرود) بە حیسابی (ئەبجەد) دەکاتە (٢٧٠)."[1]

پێم سەیرە مامۆستا خالۆ کەوتووەتە ئەم هەڵە گەورەیەوە، کە ژمارە (٢٧٠)ی بە (جوانرود) لێکداوەتەوە، لە کاتێکدا وشەی (دویستو هفتاد) کتومت دەکاتە (کوردم)، شیکردنەوەی ئەو حیسابە ئەبجەدییەش بەم جۆرەیە دەکرێت: ك =٢٠ + و = ٦ + ر = ٢٠٠ + د = ٤ + م = ٤٠، واتە: ٢٠+٦+٢٠٠+٤+٤٠ =٢٧٠.

---

١ لە نوسراوەکەی مامۆستا خاڵدا بە هەڵە وشەی (دووسەد) نوسراوە، دەبێت فارسییەکەی بنووسرێت: (دويست)، بۆیە لە سەرەوە ڕاستەم کردەوە. پێویستە لێرەدا ئەوەش ڕاست بکەمەوە کە بەڕێز مەلا عەلی توتاخاجی لە کتێبەکەیدا لەسەر ژیانی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕریس، لا: (٥٥)، ئەو شیعرەی سەرەوەی نیسبەت داوەتە لای (فیردەوسی)و کردوویەتە بەڵگە لەسەر کوردبوونی ئەو شاعیرە، بەڵام ئەم بۆچوونەی مامۆستای خاڵۆ بەڵگەکانی تر کە لەسەرەوە باسم کردوون، بەهێزترن.

دوای ئەوە مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ دەڵێت: "سەعدی لە ساڵی ٦٩١ی کۆچیی مردووە، کە تەمەنی ١٢٠ ساڵ بووە. باپیری (واتە: شێخ حامد) لە دێی دەگاشێخان لە هەورامان نێژراوە، خواب‌گاهی لەوێیە."[١]

لە وتارەکەی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا وێڕای هێنانەوەی بەڵگە بەو تاکە شیعرەی سەرەوە بۆ کوردبوونی سەعدی، ئاماژە بەوەش کراوە کە سەعدی چامەیەکی شیعریی هەبووە بە(مثلثات) ناسراوە، "ئەم نووسراوە لە سەرەوە تا خوار بەم جۆرەیە: شیعرێکی بە تازیی (عەرەبی)، شیعرێکی بە فارسی، شیعرێکی کوردیی."[٢] واتە شیعرەکان سێ دێڕینو هەردێڕەی بە یەکێك لەو زمانانە بووە. منیش بۆ خۆم لە زانا بە تەمەنەکانی کوردستانەوە چەندین جار ئەم باسی (مثلثات)ەی سەعدیم بیستووە، بۆیە بۆم بوو بە خولیاو شیعرەکانم پەیدا کردنو لە بڕگەیەکی جیاوازدا تیشکێك دەخەمە سەریان.

نووسەری ئەو وتارەی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)، نموونەی شیعرێکی سەعدی بە زمانی کوردیی دێنێت، کە لە (گولستان)دایەو وتویەتی:

پیری حەفتا ساڵە چەنی مەکنە

---

١ هەمان سەرچاوە، (ناڵەی دەروون)، لا: ٤٢٣. مامۆستا خاڵ وشەی (خوابگاه)ی فارسی بەکار هێناوە، واتە: شوێنی نوستن. لەم سەردەمەدا بەرامبەر بەوە لە کوردیدا وشەی (ئارامگا) بەکار دەبرێت.

٢ گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ساڵی یەکەم، ژمارە (٢)، مایسی ١٩٦٠. وتاری: ئاوڕێك بە لای مێژووی کەمێك دوورەوە. نوسینی: محمد مستەفا کوردی. لا: ١١.

کوری موقری به خوا بەنی چەنی روش[1]

بەندە زۆر هەوڵمدا تا ئەو شیعرەم لە سەرچاوە دێرینو متمانە پێکراوەکاندا پەیدا بکەم، سەرەنجام دۆزیمەوەو بۆم دەرکەوت کە ئەو شێوە نووسینەی سەرەوە، چەندین هەڵەی تێدایەو ڕاستەکەی ئەمەی خوارەوەیە، کە وەکو خۆی ڕێنووسەکەی دەنووسمەوە، دەکرێت خوێنەر بە بەراوردی هەردووکیان هەڵەکان ببینێت:

پیـرِ هفتا ثله جونی می کند     عَشغ مقری وَخَیْ بني چـش روشْت[2]

واتای ئەو تاکشیعرەی سەعدی بە تەواوی ڕوون نیە، چونکە ڕێنووسەکەی بە تەواویی شێواوە، بە تایبەتی بەهۆی تێکەڵبوونی پیتە عەرەبیو فارسییەکانو دانانیان لەجێی یەکتر، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئەم تاکە بەیتەش هەر بە هەمان زمانو شێوە وتراوە کە ناویان ناوە (شێوەزاری شیرازیی کۆن)، بۆیە توێژەرە فارسەکانیش چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەرکردووەو دەرەنجامێکی دڵنیاکەرەوەی لێنەکەوتۆتەوە، باشترینیان لێکۆڵینەوەیەکی (دکتۆر عەلی ئەشرەفی صادقی)یە کە توێژینەوەیەکی وردی بۆ وشە بە وشەی شیعرەکە کردووە، بەڵام ئەویش بۆی ڕاست نەکراوەتەوەو تا ڕادەیەك وای خەمڵاندووە کە ئەمە واتاکەیەتی: "ئەگەر پیرێکی حەفتاساڵە، خەیاڵی مەحاڵی عیشقبازیی

---

١ هەمان گۆڤاری سەرەوە، ژ: (٣)، حوزەیرانی ١٩٦٠، لا: ٨٧.

٢ گولستانی سەعدی، لێکۆڵینەوەی غلام حسین یوسفی، تاران، خوارزمی، ١٣٦٨.

لەسەری بدات، وەکو عاشقێکی کوێر وایە کە چاوەکانی تەنها لە خەودا بۆ بگەڕێتەوە، تا خۆشەویستیی خۆی پێ ببینێت."[1] ئەمەی صادقی وتوویەتی بەو داستانە دەخوات کە سەعدی لە پێشی ئەم شیعرەدا گێڕاویەتەوە، کورتەکەی ئەوەیە کە دەڵێت: بە پیرەمێردێکیان وت: بۆچی ژن ناهێنیت؟ وتی: لەگەڵ پیرەژنان ناژیم. وتیان: دەی ژنێکی گەنج بهێنە. وتی: جا ئەگەر ئەو گەنج بێتو من پیر، چۆن دۆستی ڕەنگ دەگرێت..؟!

بەهەرحاڵ، شێوانی ڕێنووسی ئەو تاکشیعرەی سەرەوە لە ڕادەیەکدایە کە مەگەر بە زۆرلەخۆکردن، وەگەرنا بە ئاستەم بۆنو بەرامەی شێوەزاری (هەورامی) پێوە ماوە، جگە لەوە نە توێژەرانی فارسی زمان، نە شارەزایانی شێوەی (شیرازیی کۆن)یش بە تەواویی بۆیان ڕاست نەکراوەتەوە.

لە ژمارەیەکی تری گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)داو وەك بەدواداچونێك بۆ ئەو وتارەی پێشوو، نوسەرێك بەناوی (مەعروف قەرەداغی) لە کەرکوکەوە، کوردبوونی سەعدی پشتڕاست دەکاتەوەو نوسیویەتی: "لە ساڵی ١٩٣٦ دا لە هەڵەبجە بووم، شەوێك لە ماڵی (حەسەن بەگی فەهمی بەگی جاف) دانیشتبووم، لە بابەت کوردییەتی (سەعدی)یەوە باس کرا، حەسەن بەگ

---

١ وتاری فارسی (بیت شیرازی سعدی در گلستان...)، علی أشرف صادقی، ئەندامی فەرهەنگستانی زمانو ئەدەبی فارسی، پێگەی: http://ganjoor.net .

کتێبێکی هێنا، فارسی، وا بزانم کتێبەکە ناوی (تاریخ شعرای إیران) بوو، تەرجومەی حاڵیان بوو، لەو کتێبەدا ئەڵێت: سەعدی شیرازی کوردە.."[1]

مەصرەعێکی هەورامیی سەعدی:

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش کە سەعدی شیعری شێوە هەورامی هەبوویێت، هەروەها بۆ سەلماندنی کوردبوونی سەعدی، شیعرێکی سەعدی بڵاوە کە دەڵێت:

گە بە تازی، آستین بر من زند، گوید: (تعال)

گە بە کوردی گویدم: (بۆرێ نشینو نان وەر)[2]

واتە: تاوێك بە عەرەبی فەقیانەم بۆ ڕادەوشێنێتو دەڵێ: (تعال)، وەرە، تاوێك بە کوردیی پێم دەڵێت: بۆرێ نیشەرەو نان وەر. (ئەم نیوەدێڕەی بە شێوەی هەورامی گوتووە، واتە: وەرە، دانیشەو نان بخۆ).

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە، لە دیوانە چاپکراوە بەردەستەکاندا، چەندین چاپی جیاواز گەڕام، ئەو شیعرەی (سەعدی)یان تێدا نەبوو، بەڵام چاپە پێشووەکانی ساڵانی بیستەکانو سییەکانی سەدەی ڕابردوو،

---

١ گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)، ژمارە (٣)، حوزەیرانی ١٩٦٠. لا: ٨٧.

٢ د. محمد ئەمین هەورامانی باسی ئەم شیعرەی کردووە، بڕوانە: پێگەی: http://www.mkurdistan. بەڵام لەجێی (بۆرێ نشینو نان وەر)، نووسیویەتی: (بۆرێ نیشەرە، نان وەرە)، کە وەك پێشتر وتم" ئەوەی یەکەم دروستە، چونکە ئەو نوسخەیەی کە لێی وەرگیراوەو لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، بەوجۆرە هاتووە.

تیایاندا بووەو دواتر چاپخانەو لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان – بەپاڵنەری دەمارگیریی فارسییەتی – لایانبردووە، بۆیە تا ساڵانی حەفتاکان لە ناو فەقێو مەلایانی کوردەوارییو حوجرەکانی کوردستاندا، ئەو شیعرە دەماودەم، باو بوو. سەرەنجام ڕێم کەوت لە کەسایەتییەکی جێی متمانە، کە بۆ خۆی ئەو شیعرەی لە چاپێکی کۆنی دیوانی (کلیات)ی سەعدیدا بینی بوو، بەڕێز مامۆستا (حەمە یوسف)، بۆی گێڕامەوە[1] کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لە دیوانێکی سەعدیدا، لەماڵی مامۆستا مەلا صاڵحی زارا، لە شاری (سید صادق)ی شارەزور، ئەو شیعرەی بەو شێوە دەقەی سەرەوە بینیوەو لەسەر داوای مامۆستا (مەلا کەریمی مودەڕریس) نووسیویەتەوەو بردوویەتی بۆ بەغدا..

بەهەرحاڵ، ئەو نیوەشیعرەی سەعدی ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە سەعدی، هەورامیی بووە، هەروەك ئەوەش دەسەلمێنێت کە سەعدیش پێش (٨٠٠) ساڵ بۆچوونی وابووە کە شێوەزاری هەورامی، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیی ئەو کاتە بووە، هەروەك (خانای قوبادی)ش (١٦٦٢– ١١٧٤٧ز) پێش زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ، هەمان ئەو بۆچوونەی هەبووە، چونکە ئەویش لە کۆپلە شیعرێکیدا دەڵێت:

ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن

---

١ لە دیدارێکی تایبەتدا کە شەوی ٢٠١٦/٣/٣٠ ز لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی (کازیوە)ی بناری گۆیژەی شاری سلێمانی، لەگەڵم ساز کرد.

کوردی جه فارسی بەڵ شیرین تەرەن

پەی چێش، نه دەوران یەی دنیای بەدکێش

مەحزوزەن هەرکەس بە زوبانی وێش

...........................................

جه لای عاقڵان، صاحب عەقڵ‌و دین

دانا بزورگان، کوردستان زەمین

به لەفزی کوردیی کوردستان تەمام

پێش بووان مەحزوز، باقی والسلام ١

خانای قوبادی ئەمەی وتووەو تەواوی شاکاری مەلحەمە دوورو درێژەکەی (شیرین‌و خەسرەو)ی به شێوەزاری هەورامی نووسیوە، بەو واتایەی کە ئەو شێوەزارەی بە زمانی یەکگرتووی کوردیی تەواوی کوردستان زانیوە.

عەلی محەممەد عەلی وەیس، ناسراو بە (مەلا عەلی توتاخاجی)، لە کتێبێکیدا کە تایبەتە بە ژیاننامەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، دەڵێت: "ئەوە باو بووە لە نێوان فەقێ‌و مەلایاندا لە پاڵ کتێبەکانیاندا، شیعرو وتەی بەنرخ‌و جوانیان دەنووسی. لە کتێبێکدا – کە ئەووەڵ‌و ئاخری نەمابوو– شیعرێك بەزوبانی فارسی لەبارەی کەڵە شاعیری

---

١ دیوانی شیرین‌و خوسرەوی خانای قوبادی، چاپی تاران، لا: ٢٠.

بەناوبانگ نووسرا بوو، کەئەویش (سەعدی)یەو لە شیعرەکەیدا دەریبڕیوە کە کوردە، دەڵێت:

گر ز سقطِ رأس من خواهی نمایی جست و جو

سیسدو يك با چهل، يا موميا كن بهر أو

واتە: ئەگەر تۆ بۆ دۆزینەوەی زێدی من دەکەویتە هەوڵو تەقالاو (ئەتەوێ) بزانی خەڵکی کوێم، بە حیسابی ئەبجەد بەم شێوەیە حیسابی ئەم پیتانە بکەو تێکەڵیان بکە، جا پێت دەڵێن من خەڵکی کوێم: پیتی (ش) – کە بە حیسابی ئەبجەد (٣٠٠)ە – لەگەڵ پیتی (ا) – کە بە حیسابی ئەبجەد (١)ە، لەگەڵ پیتی (م)– کە بە حیسابی ئەبجەد (٤٠)ە، بیاندەرە دەم یەك دەبێتە (شام)، ئینجا (شام) لەگەڵ (یان) بدەرە دەم یەك دەبێتە (شامیان). واتە من خەڵکی (شامیان)م."[١] مەبەست هەمان گوندی (شامیان)ی هەورامانە، کە پێشتر وتمان بەبۆچوونی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵو مامۆستا مودەرریس گۆڕی شێخ حامیدی باپیری (سەعدی) تێدایە.

بەهەرحاڵ، گرفتی یەکەمو سەرەکیی بۆ ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە (سەعدی) ئەوەیە کە هیچ کام لەو

---

١ ژیاننامەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، مەلا عەلی محمد عەلی، هەولێر، ٢٠١٢، لا: ٥٣.

بەڕێزانەی ناومان بردن ئاماژەیان بە سەرچاوەی نوسراوی بەردەست نەکردووەو زۆربەی زانیارییەکان بەزارەکیی وەرگیراون. من بۆ خۆیشم چاوم بە چەندین سەرچاوەی فارسیدا– کە تایبەتن بە ژیاننامەی سەعدیو شاعیرانی ئێران– خشاند، هیچ کامیان باسیان لە کوردبوونی سەعدی نەکردووەو زۆربەیان باسیان لەوە کردووە کە سەعدی لە شاری شیراز لەدایك بووە، ئەمە بۆ گومان دروستکردن لەسەر بۆچونەکەی ناوبراوانی پێشەوە نیە، بەڵکو من پێم وایە مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ زۆربەی بابەتو نوسینەکانی جێی متمانەن، بۆیە ئەو نەقڵانەی دەیانکات لە حەسەن بەگی جافو مەلا محی الدین کوڕی مەلا جەلالی نۆدشەیی، جێی هەڵوێستە لەسەر کردنو بەدواداچوونی زیاترن.

**بەڵگەیەکی تری کوردبوونی (سەعدی):**

سەرچاوەیەکی تر کە کوردبوونی (سەعدی) دووپات دەکاتەوە، تاکە شیعرێکە، کە لە کەشکۆڵی کۆمەڵە شیعرێکی فارسیدا لە (دار المخطوطات العراقية) پارێزراوە، ئەویش شیعری شاعیرێکە بەناوی (نقی)، کە لە کۆتایی چامەیەکدا دەڵێت:

(نقی) أز قانون (سعدی) در غزل دم میزند

خاك كردستان بسعدى غربت شيراز كرد[1]

واتە: (نەقی) لەسەر یاسای سەعدی (واتە: لەسەر ڕێبازی ئەو) دەم لەباسی غەزەل دەدات، غەریبیی، خاکی کوردستانی بۆ سەعدی، گۆڕی بە شیراز.

لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو پرسیارەی لە ناواخنیدا بەشێك لەوەڵام دەبینینەوە ئەوەیە کە بۆچی سەرچاوە مێژوییەکانی ئێران – کە تایبەتن بە مێژووی ئەدەبی ئێرانییەوە – کە باس لە سەعدی دەکەن، لە هەموو شتی بە گومانن. لە ناوی خۆی، لە ناوی باوکی، لە ساڵی لە دایکبوونی، لە ساڵی وەفاتی؟! هەموویان دوو سێ قسەیان لەسەرە..؟ جگە لەوە بەندە دەیان سەرچاوەی فارسیم سەیر کرد، یەك سەرچاوەیان بە ڕوونیی باس لە بنەماڵەی سەعدی ناکەن، واتە ناڵێن باوکی ئەم (سەعدی)یە کێیەو لەکوێوە هاتووەو سەر بەچ هۆزێکن؟ لە کاتێکدا ئەم کارە بۆ زۆربەی شاعیرە فارسەکان کراوە، بەڵام لە باسی (سەعدی)دا تەنها زیاتر لەسەر بەرهەمەکانی قسە کراوە. !

---

١ بڕوانە: كنوز الكرد في خزائن المخطوطات العراقية، محمد علي القرداغي، أربيل، ٢٠١٤، ٥٣٦/٢، ژمارەی دەسنووسەکە لە دەستنووسخانەی (دار المخطوطات العراقية): ٢٦٨٠٨/٢٤٣٥. پێویستە لێرەدا سوپاسی مامۆستا عبد الرحمن یەعقوبی– خاوەنی دەزگای بڵاوکردنەوەی (إحسان) لە تاران – بکەم، کە ئاماژەی بەم سەرچاوەیە کرد.

## سێیەم/ دەربارەی کۆمەڵە شیعری ناسراو بە (مثلثات)ی سەعدی:

دەربارەی سەلیقەو بەهرەو توانای شیعریی (سەعدی)، قسەی زۆر کراوەو دەیان بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لەسەر هاتووە. تەنانەت لە لایەن نوسەرو توێژەرە بیانییەکانەوە، کاری ئەکادیمیی زۆر کراوە. هەروەها صەدان کۆڕو سمینارو کۆنگرەی ئێرانییو عەرەبییو نێونەتەوەیی بۆ گیراوە.

لەم بەشەدا باس لە بەرهەمەکانی (گولستان)و (بوستان)و دیوانە شیعرییو پەخشانەکانی تری سەعدی ناکەم، چونکە دەیان توێژینەوەو بابەتیان لەسەر نووسراوە. بەڵام ئەوەی دەمەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ئەو چامە (٥٤) شیعرییەتی کە بە (مثلثات) ناسراونو تا ئێستە بە کوردیی هیچیان لەسەر نەگوتراوە. ئەو شیعرانە (١٨) شیعریان عەرەبینو (١٨) شیعریان فارسینو (١٨) شیعریان بە زمانێکی تێکەڵەن لە دیالێکتەکانی کوردیو فارسی ـ بەشێوەی تێهەڵکێشکراو ـ نووسراون. واتە: دێڕە شیعرێکی عەرەبی، پاشان دێڕە شیعرێکی فارسی، پاشان دێڕە شیعرێکی تر بەو شێوازەی کە ناویان لێناوە (شیرازی کۆن). شیعرەکانیش هەموویان لەسەر وەزنی (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن) هاتوون.

من لەسەر (٣٦) شیعرە عەرەبیو فارسییەکە هیچ ناڵێم، چونکە ڕوونو ئاشکرانو لێرەدا جێی باسی ئێمە نین، زیاتر کارمان بەو (١٨) شیعرەی تر هەیە، کە قسەو باسی زۆر هەڵدەگرن.

ئەگەر لە نووسەرانی نزیکی لەمەڕ خۆمانەوە دەست پێ بکەم، مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ ـ لە هەمان بابەتدا کە پێشتر باسمان کرد ـ ئەو (مثلثات)ە دەکاتە بەڵگەی بەهرەی شیعریی سەعدی، هەروەها دەیکاتە بەڵگەی ئەوەش کە (هەورامی) بووە. دەڵێت: "بەردی دووەم لە بناغەی کۆشکی وێژەی کوردیی، (مثلثات)ی شێخی سەعدی یە، کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا وتراوە. ئەم (مثلثات)ە سێ شیعر سێ شیعرە، هەموو سێ شیعرێکی یەکەمیان فارسیو دووەمیان عەرەبیو[1] سێیەمیان کوردیی هەورامی یە، کە جاران لە داوێنی (کلیات سعدی) یەوە لەچاپ ئەدرا، هەموو جارێك ئێرانییەکان دەسکارییان ئەکرد، بەڵام ئەمیش وەك دیوانەکەی باباتاهیر ئێستاش لە شێوەی کوردیی دەرنەچووە."[2]

بەندە لە چەندین سەفەرمدا بۆ ئێران، زۆرێك لە کتێبخانەکان گەڕامو لە زۆرێك لە شارەزایانو ئەدەبدۆستانم پرسی، تا سۆراخێکی چاپی دێرینی ئەم (مثلثات)ەی سەعدی بزانم، جگە لەوە چەندین پێگەی ئەلیکترۆنی فارسیم پشکنی، تا سەرەنجام چەند لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەو شیعرانە پەیدا کرد، سەرەتا وتارێکی (د.عەلی ئەشرەفی صادقی)، ئەندامی

---

١ لە ڕاستیدا ئەو نوسخانەی لەبەردەستدان، دێڕی یەکەمیان عەرەبییەو دووەمیان فارسییەو دێڕی سێیەمیان ئەوە یە کە ناویان ناوە شیرازیی کۆن.

٢ ناڵەی دەروون، محەممەدی خاڵ، لا: ٤٢٣.

(فەرهەنگستانی زمانو ئەدەبی فارسی)م بینی،[1] کە توانیویەتی (١٢) نوسخەی دێرینی دیوانی (کلیات)ی سەعدی کۆبکاتەوەو لەبەر هەموویاندا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو (١٨) شیعرە بکات. دێرینترینی ئەو نوسخانە، نوسخەیەکە کە ساڵی (٧٥١)ی کۆچی، (١٣٥٠ز) نووسراوەتەوە، واتە نزیکەی (٦٠) ساڵ پاش کۆچی دوایی سەعدی، بۆیە بەدروستترین نوسخەی ژێدەر دەژمێردرێ لەچاو نوسخەکانی تردا، لەبەر نزیکیی سەردەمی نوسینەوەکەی، بە سەردەمی سەعدییەوە.[2]

---

١ سوپاسی بەڕێز کاك یوسف صەفاری دەکەم کە لە تارانەوە سەرەتا ئەو بابەتەی سەرەوەی بۆ ناردم، دواتر ڕاستەوخۆ بابەتەکەم لە پێگەی فارسی ئەنسکلۆپیدیا دۆزییەوە.

٢ ئەو نوسخەیەی دیوانی سەعدی کە (مثلثات)ەکەشی تێدایە، بە خەتی کەسێك بە ناوی (شمس حاجی شیرازی) نوسراوەتەوەو ئیرەجی ئەفشار لە ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٣٤٦هـ/١٩٦٧ز) ی گۆڤاری (یغما)، وێنەی لێ بڵاو کردوونەتەوە. (بڕوانە: وتاری أدبیات سعدی در مثلثات، علی أشرف صادقی)، ئەندامی فەرهەنگستانی زمانو ئەدەبی فارسی) لە ئێران، کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی www.fars-encyclopedia.com بڵاو کراوەتەوە. جگە لەوە ئاماژە دەکات بە چەندین نوسخەی تر لەو دیوانەی سەعدی کە پارێزراون، لەوانە: سێ نوسخە لە (کتێبخانەی میللی مەلیك) لە تاران، بە ژمارەکانی (٥٩٩١، ٤٨٣١، ٥٩٥٤)، هەروەها نوسخەی ئەنجومەنی شورای ئێران، بە ژمارە (٢٥٧٠)، دوو نوسخەی مایکرۆفلیمی (کتێبخانەی مەرکەزیی) زانکۆی تاران، بە ژمارەکانی (٤٥٩٧، ٨٥١٥)، جگە لە نوسخەیەکی (کتێبخانەی میللی پاریس)، بە ژمارە (١٧٧٨).

بەداخەوە لێکۆڵینەوەکەی د. صادقی ـ هەرچەند زۆر لەگەڵی ماندوو بووە ـ بەڵام ئەوەی ناتەواوە کە زمانی کوردیی بە دروستیی نەزانیوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە وشە هەورامیی ـ و بەگشتیی کوردی ـ یەکانی بۆ ڕاست نەکرێتەوە، بگرە زیانیشی بە لێکۆڵینەوەکەی گەیاندووە، چونکە هەندێك وشەی هەورامی بەزۆر چەماندۆتەوە بەرەو زمانی فارسیو شێوەی شیرازیی کۆن.

بەهەرحاڵ، بۆ یەکەم جار ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی، ئاشنا بە زمانو ئەدەبیاتی فارسی (ئەدوارد براون) (١٨٦٢–١٩٢٩ز) وتارێکی لە ساڵی (١٨٩٥ز) لەسەر ئەو شیعرانە بڵاوکردۆتەوە.[١] جگە لەوانە، چەند وتارێکی ترم بینی، لە نووسەرە فارسەکان، کە بەداخەوە کەسیان ئاماژەیان بە کوردبوونی سەعدیو هەورامیبوونی ئەو شیعرانە نەکردووە.

**لێکۆڵینەوەیەکی دانسقەی دکتۆر کەریم سنجابی:**

لە قۆناغی نزیك لە تەواوبوونی ئەم وتارەدا، جۆرە نائومێدییەك ڕووی تێکردم کە کەسانێکی توێژەرو ئەکادیمیی دەستبکەونو کوردبوونی سەعدی بسەلمێننو ئەو بۆچوونانەی خۆمان پشتڕاست بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە دوادواییەکانی پاکنووسکردنەوەی ئەم وتارەی خۆمدا، لێکۆڵینەوەیەکی

---

١ بڕوانە: وتاری پێشوو (أدبيات سعدي در مثلثات، علي أشرف صادقي)، کە ئاماژە دەکات وتارەکە لە گۆڤاری: Journal of Royal Asiatic Society بڵاو کراوەتەوەو بە ئینگلیزیش واتای کردوون.

(دکتۆر کەریمی سنجابی)م کەوتە بەرچاو، کە بە ڕەگەز کوردەو مامۆستای زانکۆی تاران‌و پێشتر وەزیری ڕۆشنبیریی ئێران بوو،[1] ڕاشکاوانە لە وتارێکیدا ـ کە ساڵی (١٩٦٧ز) نووسیویەتی ـ دەیسەلمێنێت ئەو بەشەی سێیەمی چامەی ناسراو بە (مثلثات)ی سەعدی، کوردین.[2]

بەهەرحاڵ، گرفتی سەرەکی لە پاراستن‌و هێشتنەوەی ئەو (١٨) شیعرەدا ئەوەیە کە ئەوانەی نووسیونیاننەتەوە، بەو شێوەزارە ئاشنا نەبوون کە سەعدی ئەو شیعرانەی پێ گوتوون، بۆیە ـ وەك وتمان ـ زۆربەیان لەگەڵ فارسی ئاسایی‌و هەندێکییان لەگەڵ شێوەی ئەوەی ناویان ناوە (شیرازی کۆن)دا تێکەڵیان کردوون. لەبەر ئەوەیشە تا ئێستە دەیان لێکۆڵینەوە کراون‌و زۆربەی لێکۆڵەران ڕەخنە لە یەکتر دەگرن، بە تایبەتی لە واتاکردنی شیعرەکاندا، عەلی ئەشرەفی صادقی، دەڵێت: "هیچ یەك لە لێکۆڵەرانی (ئەو شیعرانەی سەعدی) زانیاریی وردی زانستییان

---

١ د. کەریم سنجابی، کوڕی قاسمخانی سەردار، سەرۆکی هۆزی کوردی سنجابییە، ساڵی (١٩٠٤ ز) لە شاری کرماشان لەدایك بووە، سیاسەتمەدارو یاساناسێکی کوردی ئێران بوو، لە کابینەی (محمد مصدق)دا وەزیری ڕۆشنبیریی‌و ماوەیەك سەرۆکی بەرەی نەتەوەیی (جەبهەی میللی) بوو، لە سەرەتای شۆڕشی ئێران‌و کابینەکەی (مەهدی بازرگان)دا، وەزیری دەرەوەی ئێران بوو، ساڵی (١٩٩٥ز) کۆچی دوایی کرد. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پێگەی ویکیپیدیا).

٢ گۆڤاری (یغما)، تاران، ژمارە: ٢٣٢، ساڵی ١٩٦٧ز/ ئابانی ١٣٦٤ هەتاوی، وتاری (نظری درباره مثلثات سعدی)، د. کریم سنجابی.

لەسەر شێوەی ئاخاوتن (تلفظ)و بینای ئەو شیعرانە نەخستووەتە ڕوو، هەروەها ڕوونکردنەوەی زمانەوانییان لەسەر وشەکانو صەرفو نەحوی ئەو شێوەزارە نەگوتووە."[1]

من پێم وایە هۆی سەرەکیی ئەو حاڵەتەی لێکۆڵەرانی فارسو بیانی تێی کەوتوون، ئەوەیە کە ئەو (١٨) شیعرەی سەعدی لە بنەڕەتدا بە شێوەی هەورامیی بوون، بەڵام دواتر لەبەر ئاشنانەبوونی نوسەرەوەی نوسخەکانی دیوانی سەعدی بە ڕێنووسی شێوەزاری هەورامی، یان وردتر بڵێین: لەبەر نەبوونی ڕێنووسێکی کوردیی لەو سەردەمەدا، نوسینەوەیان شێواوەو نەتوانراوە بەشێوە ڕێنووسی فارسی، گوزارشت لە شێوە ئاخاوتنو وشەهاویشتنی هەورامی بکرێت، بۆیە لە زۆربەی نوسخەکاندا بۆ ڕاستکردنەوەی خوێندنەوەی شیعرەکان، پەنا براوەتە بەر دانانی سەرو بۆرو ژێری عەرەبی لەگەڵ پیتو وشەکان، جگە لەوە هەوڵی فارساندنی وشەکانیشیان داوە، واتە: هەر وشەیەك لە وشە هەورامییەکان، بە هەر وشەیەکی فارسییان خواردبێت، کردوویانە بە فارسی.

**بۆچوونی دکتۆر کەریمی سنجابی دەربارەی (مثلثات)ی سەعدی:**

د. سنجابی لەو وتارەدا کە ئاماژەم پێ کرد، دەڵێت: "دەرکی واتاکانی ئەم شیعرانە، دووچاری گۆڕینو شێواندنێکی زۆر بووە." پاشان

---

١ وتاری (ادبیات سعدی در مثلثات، نوسینی: عەلی ئەشرەف صادقی)، لە پێگەی www.fars-encyclopedia.com.

کوردیبوونی شیعرەکان دەسەلمێنێتو دەڵێت:"بەپێی دۆزینەوەی بەندە، ئەو شێوەزارەی باسکرا (واتە: بەشی سێیەمی (مثلثات)ی سەعدی) چ لە ڕووی ڕێزمانو ڕێکخستنی صەرفو دابەشکردنی فیعلەکان، چ لە ڕووی دەرهاویشتن (تلفظ)ی زمانەکانەوە، بە زمانی کوردیی زۆر نزیکە." دوای ئەوە لە وەڵامی ئەوانەدا کە سەریان لەم بۆچوونە سوڕدەمێنێت، د. کەریم سنجابی دەڵێت: "نابێت کەس سەری لەم باسە سوڕبمێنێت، چونکە وەك دەزانین زۆرێك لە هۆزە کوردەکان لە (پارێزگا)ی (فارس) نیشتەجێ بوون، تەنانەت تا سالآنێکی زۆر، دارای میرنشینییو حکومەتو دەسەلآت بوون."[1]

لێرەدا دکتۆر سنجابی بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی خۆی ـ کە ڕاستییەکی مێژووییە ـ بیری چووە ئاماژە بەوە بکات کە لە قەزای (ڕودان)ی سەر بە پارێزگای (هرمزگان)ی نێزیکی شاری شیراز، گوندێك هەیە بە ناوی (کوردی شیرازی) کە بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٣٨٥) هەتاوی / (٢٠٠٦ز) (٢١٧٨) کەسی تێدا بووە.[2] هەروەها لە سەردەمی ئەویشو حاڵی حازریشدا دەیان هەزار کورد لە شاری (شیران)و شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری دەژین، لەوانە: هەزار بنەماڵەیان لە شاری

---

١ گۆڤاری (یغما)، تاران، ژمارە: ٢٣٢، ساڵی ١٩٦٧ز/ ئابانی ١٣٦٤ هەتاوی. وتاری: (نظری درباره مثلثات سعدی)، د. کەریم سنجابی.

٢ بڕوانە: پێگەی (ویکیپیدیا)و ئاماری سەرژمێری سەرتاسەری دانیشتووانی ئێران، بۆ ساڵی ٢٠٠٦ .

(شیراز)و (کازرۆن)و (سپیدان) نیشتەجێن، تەنانەت سێ گوند لەو ناوەن کە لە صەدا صەد کوردن، (١١) گوندیش هەن کە لەگەڵ فارس تێکەڵن، هەروەها لە شاری (لارستان) زیاتر لە (١٠) هەزار کەس هەن کە کوردنو لە مەزهەبیشدا سوننینو پەیڕەوی لە مەزهەبی شافیعی دەکەن.[١] هەروەها تا ئێستەش لە شاری شیرازو دەوروبەری، جۆرە شەرواڵێك دەدوورنو لەبەر دەکەن، پێی دەڵێن: (شەرواڵی کوردی شیرازی).

پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە دکتۆر (کەریم سنجابی)ش لەبەر ئەوەی شێوەزاری (هەورامی) نەزانیوە، لە شیکردنەوەی واتای هەندێك وشەدا، کەوتووەتە هەڵەوە.

بەهەرحاڵ، بەندە بە تێڕامان لە هەندێك وشەی ناو شیعرەکانو بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو دیالێکتەی پێی دەڵێن (شیرازی کۆن)، دڵنیابوومەوە کە شیعرەکانی دێڕی سێیەمی (مثلثات)ی سەعدی، (هەورامی)نو لەسەر دەستی نووسەرەوەکان (ناسیخەکان) ـ لەبەر بێئاگییان لە شێوەی هەورامییو نەبوونی ڕێنووسی کوردیی لەو سەردەمەدا ـ بە درێژایی زیاتر لە حەوت سەدە، شێوێنراون، لە ڕاستیشدا نووسینەوەی دروستو پاراستنی تێکستێکی شیعریی، بە شێوەزاری هەورامی، کە پێش زیاتر لە (٧٠٠) ساڵ وتراون، کارێکی ئاسان نیەو ئەمجۆرە گرفتە کە ڕووی

---

١ بڕوانە: بابەتی (إیلهای کرد ایران)، بە فارسی، لە پێگەی (ویکیبیدیا، دانشنامەی آزاد).

کردۆتە ئەم تێکستە، ڕووی کردۆتە چەندین تێکستی تری لەو بابەتە، نەك هەر لە کوردیدا، بەڵکو لە زمانەکامی تریشدا..

**چوارەم: هەندێك وشە کە بە شێوەی (شیرازی کۆن) ناسێنراون، بەڵام لە (دیالێکتی هەورامی)دا بەکاردەبرێن**

بۆ نزیکبوونەوە لەو ئەگەرە کە ئەو شیعرانەی سەعدی ناونراون (مثلثات)و (١٨) بەیتیان بە شێوەی (شیرازی کۆن) ناسێنراون‌و لە بنەڕەتدا (هەورامی)ن، چاوێکم خشاند بە چەند زاراوەیەکی ئەو شێوە شیرازییەدا، هەستم کرد دەیان وشەو زاراوە تێیدا لە شێوەی هەورامین، ئەمانەی خوارەوە نمونەیەکن لەو وشانە، کە تا ئێستەش لە شاری شیرازو شارەکانی تری پارێزگای فارس، بەکاردەبرێن:

| زمانەکان← فارسی | شیرازی کۆن | هەورامی | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| بخواهید | بوازی | بوازی | بتەوێت |
| کتاب | کتێو | کتێو | کتێب |
| آسیاب | آسیاو | ئاساو | ئاش |
| آب | آو | ئاوی | ئاو |
| آن | آد | ئاد | ئەو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| اين | ايد | ئێد[1] | ئەم |
| آنها | آنی | ئانیٚ | ئەوانە |
| شب | شۆ | شەویٚ | شەو |
| میدهد | مدو | مدۆ | ئەدات |
| بار | کول | کۆڵ | کۆڵ، بار |

ئەمانە نمونەگەلێك بوون لە وشەكانی ئەو شێوە زمانە ئێرانییەی پێی دەڵێن: (شیرازی كۆن)، بەڵام هەرچی بیٚو هەرناوێكی لێنرابێت، گرنگ ئەوەیە كە ئەو وشانەی سەرەوە بە هەورامین‌و تا ئێستەش هەورامییەكان بەكاریان دێنن.[2] بە پێچەوانەوە دەتوانین ئەو وشانەو غەیری ئەو وشانە بكەینە بەڵگە لەسەر ئەوەی كە (شێوەزاری هەورامی) لە چەند ناوچەیەكی (پارێزگای فارس)دا بڵاو بۆتەوە. لەبەر ئەوە وەك پێشتر گوتمان سەرچاوە مێژوییەكان ئەوەیان سەلماندووە كە چەندین بنەماڵەی كورد،

---

١ ئاخاوتنی ئەو پیتەی (دال) لە شێوەزاری كرمانجی خواروو (سۆرانی)دا نیەو زیاتر لە (هەورامی)دا بەكار دێت، بۆ ئاخاوتنی دەبێت بەشی پێشەوەی سەری زمان بدریٚ لە دانەكانی سەرەوەی پێشەوەی ناودەم. لەو وشانەی سەرەوەدا بۆ جیاكردنەوەی ئەو پیتە لە (دال)، بزوێنێكم خستۆتە سەر پیتی (دال)ە كە، بۆ نموونە: هەورامی بە (دایك) دەڵێن: ئەد٬ا، كە وا مەشهورە تەنها خۆیان بە تەواوی دەتوانن تەلەففوزی بكەن.

٢ بۆ زیاتر دڵنیایی، خراپ نیە ئەگەر خوێنەری بەڕێز ئەمە بزانێت كە شێوەی (هەورامی) زمانی دایكمەو سەرەڕای ئەوەی (٦٠) ساڵە لە شاری سلێمانیدا دەژین، بەڵام تا ئێستەش لە ماڵی خۆماندا بە شێوەی هەورامی قسە دەكەین‌و چەندین شیخرو پەخشان‌و وتاریشم بە شێوەی هەورامیی نووسیوە.

ئاوارەی ناوچەی شیراز بوون، یان دوورخراونەتەوە بۆ ئەو ناوچانەو تا ئێستەش دەیان هەزار کورد لەو ناوچەیەدان، بۆیە دەگونجێت هەروەك صەدان بنەماڵەو چەندین ئێلی ناوچەی ئازربایجانی کوردستان – کە زمانیان شێوەی کرمانجی سەروو بووە – ئاوارەی ناوچەی (قوچان)[1] لە پارێزگای (خوراسان) بوونو زمانەکەیان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانی زۆرینەی ناوچەکە، صەدان بنەماڵەی هەورامیش ئاوارەی ناوچەکانی شیراز بوونو زمانەکەیان تێکەڵ بووە بە شێوەکانی شیراز، هەروەك چەندین بنەماڵە لە ناوچەکانی ژاوەرۆی هەورامانەوە لە ئوستانی سنە بەسەر شاری کامیاراندا پەڕیونەتەوە بۆ شارۆچکەی (کەندوولە)، لە (١٠) کیلۆمەتری شاری کامیارانو زمانیان گۆڕاوە.

١ (قوچان) قەزایەکە لە (ئوستان) پارێزگای خوراسان، کە دانیشتووانی کوردنو لە سەردەمە جیاجیاکان ـ بەتایبەتی لە سەردەمی شا عەباسی صەفەویدا ـ بۆ پاراستنی سنورەکانی خۆرهەڵاتی ئێران، دوور خراونەتەوە. جگە لەوە لە ناوچەکانی (شیروان، بجنورد، دەرگەز، چناران، باجگی..) هەزاران خێزانی کورد لە ئێلەکانی: عەمارلو، کاوانلو، شادلو، ڕەشوانلو، دەوڵەتخانی، زەنگەنە، سێوکانلو، نیشتەجێن. (لەم بارەیەوە دەیان کتێب نوسراون، لەوانە: کرد و پراکندگی او، ح. بهتویی. ایلها وگایفههای عشایری کرد، علی میر نیا. حرکت تاریخی کرد به خراسان، ك. توحیدی. شناخت ایلات وعشایر، عبد الله شهبازی.. هتد).

## کۆتایی‌و دەرەنجام

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم کە من پسپۆڕی بواری زمانناسیی فارسی ـ بەتایبەتی ئەوەی ناویان ناوە شیرازی قەدیم ـ نیم، بۆیە نەچوومەتە قووڵایی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی شیعرەکان، ئەوە بەجێ دێڵم بۆ پسپۆڕانی بواری زمان، بەڵام دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە بۆ خۆم بەو بەڵگانەدا کە لەم باسەدا خستمنە ڕوو، گومانم لە کوردبوونی سەعدی‌و هەورامی بوونی نەماوە، مەگەر لە کاتێکدا بسەلمێت کە ئەو بەڵگانە نادروست‌و ناڕاستن.

لەسەرێکی ترەوە، بوونی دەیان وشەی کوردیی ـ بە تایبەتی هەورامی ـ لەو چامە شیعرییەی (سەعدی)دا، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو شیعرانەی بەشی سێیەمی (مثلثات) لە بنەڕەتەوە هەورامی بوون‌و لە قۆناغەکانی نووسینەوەیاندا شێوێنراون، بە تایبەتی قۆناغی پاش داهاتنی ئامێری چاپ، لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا. ئەگەرنا ـ سەرەڕای ئەو شێواندنەی کە زیاتر لە (٧٠٠) ساڵە بەردەوامە ـ بوون‌و مانەوەی چەندین وشەی هەورامی چ واتایەك دەبەخشێت.؟ چەندین وشەی وەك: (گۆش، دە بارە، مەبەر، کۆڵ، هەن، بیەی، واتش، بوات، ئێش، بگریت، مەدە، مدۆ پێش، ترشڕوو، نەوا، پەشیمان بە، کەرد، بتەرسی، ئەیهێشت، گوڵشەکەر، عەزیزێکت، زەڕ، شنەفت، بوازی.. هتد)..؟

ئەوەش لە خوارەوە دەقی ئەو (٥٤) شیعرە تێهەڵکێشەی (سەعدی)یە، کە بە (مثلثات) ناسراون. دیارە لە هەر سێ دێڕێکدا وەك وتمان دێڕی یەکەمیان فارسییەو دێڕی دووەمیان عەرەبییەو دێڕی سێیەمیان ئەو شێوە زمانەیە کە ناویان ناوە: (شیرازی کۆن)و گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە (هەورامی) بن‌و شێوێنرابن. بە مەبەستی ئاسانکاریش بۆ خوێنەری بەڕێز، شیعرەکانم بە سێ ڕەنگی جیاواز جیا کردوونەتەوە، دێڕە سێیەمەکان ـ کە بە ڕەنگی سەوز دیاری کراون ـ ئەو بەشەن جێی باسی ئێمەن، ڕێنووسەکەشم نەهێناوەتە سەر کوردیی، چونکە ئەوە ئەو کارە گرنگ‌و بنەڕەتییەیە کە دەبێت زمانناسان بیکەن، بەو هیوایەی پسپۆڕانی بواری زمان ئاوڕێك لەم بابەتە بدەنەوە، بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی هەر توێژەرێك دەکەم کە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ ئەم بابەتە بکەن‌و بە توێژینەوەو بەدواداچوونی زانستییانە دەوڵەمەندی بکەن..

# دەقی چامەی تێهەڵکێشی (مثلثات)ی سەعدی

خليليّ الهدى أنجى وأصلح *** ولكن من هداه الله أفلح

نصيحت نيكبختان گوش گيرند** حكيمان پند درويشان پذيرند

گوش اينها دار اغت خاطر نرنزد ** كه ثخنى عاقلى ده باره سنزد

من استضعفت لا تغلظ عليه *** من استاسرت لا تكسر يديه

چه نيكو گفت در پاى شترمور ** كه اى فربه مكن بر لاغران زور

كه منعم بى مبركول ايچ درويش* كوايش ميبنى دنبل مزش نيش

دع استنقاص من طال احترامه *** فقوس الدهر لم تبرح سهامه

جراحت بند باش ار مى‌توانى *** تو را نيز ار بيندازد چه دانى

بوات اين دهردون را تيرارى پشت*نه هركش تير نه كمان بوكسى اى كشت

تأدب تستقم لاطف تقدم *** تواضع ترتفع لا تعل تندم

كه دوران فلک بسيار بودست* كه بخشودست و ديگر در ربودست

نه كت تفسير وفق خوانداسات ابهشت* بسم دى كه سورى ماندبيده ببدشت

ليعف المهتدى عن سوء من ضل *** ولا يستهزكم من قائم زل

منم كافتادگان را بد نگفتم * كه ترسيدم كه روزى خود بيفتم

كمسسكى اوت اس بخت آو بهريت* مخن هردم براى چنداكى بگريت

متى زرت الفتى غبا اجلک *** فلا تكثر حبيبک لا يملک

ز بسيار آمدن عزت بكاهد *** چو كم بينند خاطر بيش خواهد

عزیزی کت هن اش هردم مدو پیش*که دیدر زرملال آردبش از بش

تبصر فی فقیر یشتهی الزاد *** ولا تحسد غنیا قدره زاد

وگر گویند آن جاه و محل بین *** تو پای روستایی در وحل بین

وجه تشروی کت مرغ خوان نی*تزان مسکی خبر هن کش خه نان نی

تلقفت الشوا و البقل بعده *** سل الجوعان کیف الخبز وحده

بپرس آنرا که جسم ازناقه خونست* که قدر نعمت اوداند که چونست

غرش نان هاجه از حلوا نپرست* نن تی گلشکر هن غت بگریت

افق یا من تلهی حول منقل *** عن الحطاب فی واد عقنقل

فقیر ازبهرنان بردردعاخوان* تو می‌تندی که مرغم نیست بر خوان

چه داندای کش سه پخ خوردست و تقتست*که مسکینی وسرماگسنه خفتست

تحب المال لو احببت قدمت *** و ان خلفت محبوسا تندمت

منه گر عقل داری در تن و هوش*اگر مردی ده وبخش و خورو پوش

نوا که بیفته از هنجار و رسته*پشیمان به که نم خو توشه بسته

صرفت العمر فی تحصیل مالک * تفکر یا معنی فی مالک

کسی از زرع دنیا خوشه برداشت*که چندی خورد و چندی توشه برداشت

که میسندت که مو خو از غصه بکشم*که گردم کرد نخرم یا نبخشم

بهاء الوجه مع خبث النفوس *** کمصباح علی قبرالمجوسی

به گور گبر ماند زاهد زور * درون مردار و بیرون مشک و کافور

کعارف باد بکاند از جمه نو ** اگور جدمنت کش در به از تو

متی عاشرت محلوقی العوارض *** اذا قالوا لک اکفر لاتعارض

مرو با ژندهپوشان شام و شبگیر*چورفتی دربغل نه دست تدبیر

چنان تزدم دوت کت خون خه اوکند*که پاکش خورد دیک تی چه او کند

وجد یا صاح و اکفف من ملامه *** لعل القوم فیهم ذو کرامه

مگو درنفس درویشان هنر نیست*که گرد مردیست هم زیشان به درنیست

کاحسان بکنه واهروی اصولی * شنه میان زز بخت صاحب قبولی

نعما قال خیاط بموصل *** بمأجور له قدر ففصل

سخن سهل است برطرف زبان گفت*نگه کن کاین سخن هرجاتوان گفت؟

غراز مومیشنی واهرکس مگوی راز*کجمی میبری خهتر وارنداز

خفی السر لاتودع خلیلک *** حذارا منه ان ینسی جمیلک

مگو با دوست میگویم چه باکست*که گر دشمن شود بیم هلاکست

تواز دشمن بترسی غافل از دوست*که غت دشمن ببود ات ببلسد پوست

یقول الراجز ابنی لا تلاعب *** اذا لم تحتمل بطش الملاعب

چه خوش گفت آن پسر با یار طناز*تو درنی بستهای آتش مینداز

کری مم دی که ایرو واجونی گفت*مزم تش کت قلاشی نتوتن اشنفت

ان استحسنت هذا القول بعدي * قل اللهم نورّ قبر (سعدي)

چه باشد گر ز رحمت پارسایی *** کند در کار درویشی دعایی

کخیرت بوازی ثخنی کت اشنفت * بگی رحمت وسعدی با کهش این گفت



وێنەی شاری (شیراز) کە لە ئاسمانەوە گیراوەو گڵکۆی (سەعدی) دیارە

[1] بۆ بینینی ئەم شیعرانە ، بڕوانە: پێگەی:
/http://ganjoor.net/saadi/mavaez/mo۲at هەروەها:
http://www.nosokhan.com/library/Topic/۰CLN



دیمەنێکی ئارامگای سەعدی لە شیراز




نمونەی شیعرێکی دەگمەنی (سەعدی)